# کۆمۆنیزمی کرێکاری پێویستی بە حزبێکی سیاسی هەیە کە لەمەرکەزی کێشە لەسەر دەسەلآت پێی چەقاندبێت

## وتاری ئیفتتاحیەی کۆنگرەی سێیەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەلایەن رێبوار ئەحمەدەوە

هاورییان! من دەمەوی راستەوخۆ لە دەرگای گرنگیو بایەخی ئەم کۆنگرەیەوە برۆمە نیو باسی ئیفتتاحیەوە. ئەم کۆنگرەیە لە چەند روەوە بایەخو گرنگی تایبەتی هەیە. لە پیش هەموو شتیکدا لەبەر ئەوەی کۆنگرەی حزبیکە کە جیاوازیەکی بنەرەتی هەیە لەگەل هەموو ئەحزابی دیکەی سەر ساحەی سیاسی عیراق، حیزبیکی لە بنەرەتەوە جیاوازە لە هەموو ئەو حیزبانەی کە لە گشت تاریخی رابردوی ئەم کۆمەلگایەدا هەبوون. کۆنگرەی حیزبیکی کۆمۆنیستو چەپە، بەلام تەنانەت کۆمۆنیزمەکەشی جیاوازیەکی بنەرەتی هەیە لەو جۆرە کۆمۆنیزمەی کە پیشتر لە عیراقدا رەواجی بووە. کۆمۆنیزمیك کە لەلایەن حیزبی ئیمەو ئەم کۆنگرەیەوە نوینەرایەتی دەکریت بە توندی دژی هەموو شیوەیەکی کۆنەپەرستی دینیو دواکەوتوییو قەومپەرستیو نایەکسانیو زولمو چەوسانەوەیەکەو هیچ بەهانەو پاساویك بۆ سازان لەگەلیان قبول ناکاو لەگەلیان ناحەویتەوە، کۆمۆنیزمیکی پراوپر ئینسانیو یەکسانیخوازو مودیرنە، وەکو منصور حکمت ووتی: بزووتنەوەی گیرانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان. ئەمە کۆنگرەی حزبیکە کە تاقە نوینەری واقعی کریکارو چەپو ئینسانیەتو مەحرومانە.

لە مەیدان بوونی حیزبو رەوتیکی کۆمۆنیستی لەم بابەتە لە دەیان سال لەمەوبەرەوە پیویستیەکی حەیاتی بووە بۆ ئەم کۆمەلگایە، لەم تاریخە دریژەدا هەمیشە جیگای حیزبیکی لەم بابەتە خالی بووە، بەلام لە هەلومەرجی ئیستادا ئەم پیویستیە لە هەمیشە حەیاتی ترە. بەلگە بۆ نیشاندانی ئەم راستیە زۆرە، بەلام هەلومەرجی ئیستای عیراق خۆی بەرجەستەترین بەلگەیە. ئیستا کە ئیمە خەریکی بەستنی ئەم کۆنگرەیەین کۆمەلگای عیراق خراوەتە نیو سیناریۆیەکی سەختو کارەساتبارەوە، شەرو ویرانیو نائەمنیو بیدەرەتانیو بیکاریو برسیتی کەمەرشکین بالی بەسەر کۆمەلگایەکی بیستو چەند ملیونیدا کیشاوە، بەپێی پروپاگەندەی غەربیو جەنجالی مدیای نۆکەر بوایە ئەمە سیناریۆی رزگاری کۆمەلگای عیراقو باراندنی خیروبەرەکەتی دیموکراسی بوو. بەلام هەر بەو جۆرەی ئیمە پیشبینیمان دەکرد، ئەمرۆ دەبینین هەموو ئەو جەنجالە پوچو فریوکارانە بوو، دەبینین مانایەك لە ژیانی مەدەنیو ئەمنیەتو نەزم نەماوەتەوە، چ جای ئازادی. قوتبی راستی کۆمەلگا کە لە دەوری سیاسەتو نەخشەی ئەمریکا تەوەری بەستوە، بە هەر جیاوازیو ناکۆکیەکی نیوان خۆیانەوە، هەموو لە خولقاندنو توندکردنەوەی ئەم سیناریۆیەدا بەشدارن.

هیزەکانی قوبتی راست، بە ئیسلامیو ناسیونالیستیو عەشایەریو دەستەوتاقمە جۆراوجۆرەکانی دیکەیەوە، پەلاماری ئازادیو مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەلك دەدەنو لە هەولی لە قالبدانیانن. سەرقالی نانەوەی فیتنەی قەومپەرستیو تایفەگەریو عەشایەربازیو خولقاندنی شەروکیشەی کۆنەپەرستانەن، لەم هەلومەرجە کارەستبارە کەلکیان وەرگرتوە بۆ پەرەپیدانو زالکردنی کۆنەپەرستیو یاسای جەنگەل بەسەر کۆمەلگادا. تا ئەمانە بکەنە ریگای بەدەستهینانی بەشی زیاتر لە دەسەلاتی ئایندەی عیراقدا. ئەم هیزانە هەر بۆ ئەم مەبەستە لایەنگریان لە شەری دووەمی خەلیج و حصاری ئابوریو بۆردومانی شارەکانو شەری سێیەمی خەلیج کرد، کە ئەمرۆ دەبینن چۆن بە هۆیانەوە ئەم کۆلگایە بوە بە ویرانە. ئەوەش کە ئەم هیزانە لە ژیرناوی ئازادی بۆ کۆمەلگای عیراق بە دەوری سیاسەتو شەری ئەمریکادا ریزیان بەست، ئەمرۆ بە کردەوە دەبیینین کە چۆن گالتەجاری بە ئازادیو تەنانەت مافە سەرەتاییەکانی خەلك دەکەن، ئەوان نیشانیانداوە کە نەك ئازادی بەلکو تۆزقالیك پابەندی ئەو دیموکراسیەش نین کە پروپاگەندەی بۆ دەکەن. هەموو هەولو پەلەقاژەیان بۆ ئەوەیە لە سەروی ئیرادەو دەخالەتی خەلکەوە، دور لە چاوی

خەلك، حكومەتیكی كۆنەپەرستی قەومیو دینیو عەشایەری بەسەر خەلكدا فەرز بكەن. سەرنجیكی كورت لە پلاتفۆرمو تەرحەكانیان بۆ ئیدارەی كۆمەلگا بەسە بۆ ئەوەی خەسلەتی هاوبەشیان لەگەل بنەمای دەستورو قانونەكانی رژیمی بەعسدا بە رۆشنی دەربخات.

لەم كاتەدا كە قوتبی راست بە هەموو هیزەكانیەوە بەم كارنامەیەوە هاتونەتە مەیدان، لە كاتیكدا كە هیچ هیزو بەدیلیكی تر هیچ ریگایەكی بۆ دەربازبوون لەم وەزعە كارەساتبارە نیە، كۆمەلگا پێویستی حەیاتی بە هێزو قوتبیكی چەپو كۆمۆنیست هەیە. پیویستی بە ئیمە هەیە، پیویستی بە هیزیكە كە بە پێچەوانەی ئاراستەی ئەم لافاوی كۆنەپەرستیو شەپۆلی كارەساتەوە مەلە بكاتو بەر بە میحنەتەكانی ئیستاو ئەو ئاییندە تاریكە بگریت كە خەریكن لە جیگای رژیمی فاشیستی بەعس دایدەنین. ئەمە تەنهاو بە تەنها دەتوانێ كارو دەوری قوتبو هیزیكی چەپو كۆمۆنیستی لە بابەتی ئیمە بیت. هیزەكانی بەرەی راست هەزار ناوی پیشكەوتنخوازیو دیموكراسیو دژی ئەمپریالیستیو دژی داگیركاری لە خۆیان بنێنو برتوبۆلە بەرامبەر سیاسەتی ئەمریكا بكەن، بە كردەوە هاوشان لەگەل ئەم رەوەندە كۆنەپەرستانەیەدا ریگایان بریوەو هەر لەسەر ئەمەش بەردەوام دەبن. بۆیە ئەگەر هیزیكی كۆمۆنیستو چەپیكی ماركسیست لە مەیدان نەبێتو بە دەوری خۆیەوە دەرنەكەویت هیچ هیزیكی دیكە ناتوانێ بەری ئەم رەوەندە بگریت، هیچ لادانێكیش لەو رێرەوەدا روونادات كە لە دەیان سالی رابردوودا عیراق پێیدا تێپەڕیوە. حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئەم هیزە چەپە ماركسیستەیە كە دەیەوێ وەلامی ئەم مەسەلە چارەنوسسازە بداتەوە. ئەم خەسلەتەش بایەخیكی گەورە بە كۆنگرەكەی دەدات. ئەو قسەو سیاسەتو تەرحو بەدیلانەی لیرە دەخرینە روو لە هیچ كۆنگرەو كۆبونەوەیەكی دیكەی ئەم وولاتەدا نابیسترین.

بە بروای من هەر خودی ئەمە دەتوانێ پیش لە هەرشتیك جیگاوریگای حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری نیشانبدات. ئەگەر ئەمرۆ سیناریۆی رەش بالی بەسەر كۆمەلگادا كیشاوەو بوەتە خەتەریكی واقعی لەسەری، جگە لە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری هیچ هیزیكی دیكە نیە لە بەرامبەر ئەم خەتەرەدا راوەستیتو ریگای دەرچون لەم خەتەرە بخاتەروو؟ ئەگەر كیشمەكیشو مسابقەی تیرۆریستی نیوان ئەمریكاو ئیسلامی سیاسی هیچ ئەمینەتیكی بۆ دانیشتوانی ئەم كۆمەلگایە نەهیشتوەتەوەو تەواوی هیزەكانی دیكە بەسەر ئەم دوو قوتبی مسابقەیەدا دابەش بوون، جگە لە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری هیچ هیزیكی دیكە نیە كە لە روانگەی خەلكو ئەمنیەتی كۆمەلگاوە بەرامبەر ئەم شەرو كیشمەكیشە تیرۆریستیە راوەستیتو ریگای كۆتاییهینانی بخاتەروو؟ ئەگەر ئەمریكاو هیزە ئیسلامیو ناسیونالیستیەكان خەریكن خاكو ئاوو دانیشتوانی ئەم وولاتە لەسەر بناغەی دینو تایفەو قەومو عەشیرە بەش بەشو دەستەبەندی بكەن، ئەگەر دەیانەوێ كۆمەلگا ئیسلامیزە بكەنو یاساكانی بەعس لە بەرگیكی تازەدا بەسەر كۆمەلگادا داسەپینن، هیچ هیزێكی تر جگە لە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری نیە كە بەرامبەر ئەم مەدە راوەستیتو بەدیلی پیشكەوتوانەو ئینسانی بۆ مەترەح بكاتو خەباتی جەماوەری لەم پیناوەدا ریكخراوو رابەری بكات. ئەگەر برسیتیو بیكاریو بیدەرەتانی بە فراوانی یەخەی بە خەلك گرتوە، جگە لە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری هیچ هیزیكی دیكە نییە نوینەرایەتی خواستو دەنگی كریكارانو خەلك بكات لە بەرامبەر ئەم محنەتانەدا؟ ئەگەر هیزەكانی سیناریۆی رەش خەریكن مافەكانی كریكاران زەوت دەكەن، هەولدەدەن بە زەبری دەركردنی بریارو تیرۆرو پرژاندنی تیزاب زنجیری ئەسارەت لە دەستو پێی ژنان توندبكەنەوە، ئەگەر پەلاماری مەدەنیەتو ئارەزوە مودیرنەكانی لاوانو خەلكی ئازادیخواز دەدەن، جگە لە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری هیچ هیزیكی تر نیە بەرامبەر ئەمانە راوەستابیت...ئەمانە بەلگەی رۆشنن كە نیشانیدەدەن ئەم حیزبە چ فەراغیكی گەورەی لە ساحەی سیاسی عیراقدا پركردوەتەوە.

لە هەموو ئەمانە واوەتر كۆمەلگای عیراق وەكو كۆمەلگایەك كە دەیان سالە بەدەست سەركوتو زولمو زۆرو چەوسانەوەو نایەكسانیەوە دەنالینێ، پیویستی حەیاتی بە گۆرینی ریشەیی گشت وەزعی مەوجود هەیە، وەكو هەر كۆمەلگایەكی دیكە پیوستی حەیاتی بە بەدیلیك هەیە كە خەباتی كریكارانو چەوساوەكانی ئەم كۆمەلگایە لە پیناو دنیایەكی ئازادو یەكسانو خۆشگوزەراندا رابەریو رینمایی بكات. هەموو هیزەكانی دیكەی سەر ساحەكە، تەنانەت بەوانەشەوە كە ئیدعای دیموكراسیو مافی مرۆڤو سكولاریزمو ئازادی دەكەن، سەرجەمیان لە فەلەكی نەزمی چەوسینەرانەی ئیستای سەرمایەداریدا دەخولینەوەو ئاواتو ئارەزوە بەرزو

ئینسانیەکانی کریکاران‌و خەلکیان داشکاندوە بۆ کۆمەلیك شیعارات‌و ئامانجی پوچ‌و کۆنەپەرستانە کە بە هیچ شیوەیەك تەعبیر لەو خواستانەی خەلك ناکەن. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری تاقە نوینەری ئەو خواستانەیە کە لە ریگای بەرزکردنەوەی ئالای سۆسیالیزم‌و تیکۆشان لە پیناو بەرپاکردنی جمهوریەکی سۆسیالیستیدا دەیەوێ ئەم کۆمەلگایە لە کابوسی سەرمایە، لە ئاکامەکانی نیزامی کاری بەکرێ‌و مالکیەتی خصوصی دەرباز بکات‌و دنیایەکی باشتر، دنیایەکی پراوپر لە ئازادی‌و یەکسانی‌و خۆشگوزەرانی بەرپا بکات.

کەواتە ئەگەر نان‌و ئەمنیەت‌و ئازادی پیویستی حەیاتی ئەم کۆمەلگایەن، ئەگەر یەکسانی داخوازیەکی فراوانە، ئەگەر خەلك خوازیاری خۆشگوزەرانی‌و تیروتەسەلی‌و ئاوو کارەباو خانوبەرەی گونجاون، ئەگەر سکولاریزم‌و مودیرنیزم‌و شادی‌و بەختەوەری ئارەزووی خەلکە، ئەوە هەموو ئەوانە پەیوەستە بە ئیمە، پەیوەستە بە کریکارو کۆمۆنیزم، پەیوەستە بە قودرەتی ئیمەوە. نەك هیچ هیزو بەدیلیکی دیکە. بۆیە بێ دوودلی دەلیم پایەو بناغەی کۆمۆنیزم‌و حزبی ئیمە لە هەموو بزووتنەوەو هیزیکی دیکە مەحەکمترو فراوانترو ریشەدارترە لەم کۆمەلگایەدا. بەلام گشت ئەمانە کەوتونەتە گرەوی ئەوەوە کە ئەم حیزبە چەندە پرهیزو بە قودرەت دەکریت بۆ ئەوەی بتوانێ ببیتە ئامرازی دەستەبەرکردنی ئەو ئاوات‌و ئارەزوانە. ئیمە لە بەرامبەر وەلامی ئەم پرسیارەدا قەرارمان گرتوە، دەبی وەلامیکی شایستە بەم مەسەلەیە بدەینەوە. وەلامی ئەوە بدەینەوە کە چۆن ئەم حیزبە بکەین بە حزبیکی سیاسی کۆمەلایەتی‌و جەماوەری قودرەتمەند کە توانای بەجیگەیاندنی ئەم پەیامەی هەبیت؟

ئەو کارو ئالوگۆرانەی لە پیشەوە باسکران، حزبیکی سیاسی بەهیزو جەماوەری‌و جەسوری پیویستە. بەبێ ئەوەی ئەم حیزبە بکەین بە حیزبی جەماوەری فراوانی خەلك‌و چەکی دەستیان، بەبێ ئەوەی بیکەین بە حیزبیکی پرقودرەت کە بتوانێ دەسەلات‌و چارەنوسی کۆمەلگا بە دەستەوە بگریت، ئەم کارە ئیمکانی نیە. ئیمە پیشتریش ئەمان ووتوە بەلام هیشتا ئەم ئالوگۆرە بە کردەوە بەسەر حیزبدا نەهاتوە، هیشتا کاریکە کە دەبێ بکریت. ئەمەش پیش هەر شتیك لە گرەوی ئەوەدایە کە وەلامیکی هاوبەشمان بۆی هەبیت، تصویریکی هاوبەشمان هەبیت لەسەر حیزبی سیاسی‌و ئەرك‌و ئەولەویەتەکانی حیزب.

ریگای ئەم بەهیزو بەجەماوەری کردنەی حیزب ئەوە نیە کە لە خواست‌و سیاسەتی رادیکال‌و سۆسیالیستیمان بیینە خوارەوە، ریگاکەی ئەوە نیە کە لەگەل کۆنەپەرستیدا سازش بکەین‌و خۆمان بگونجینین. بە پیچەوانە ئەوە خالی بەهیزو مایەی شانازیمانە کە لەگەل هیچ لایەن‌و دیاردەیەکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیدا سازش ناکەین‌و ناحەویینەوە. ماکزیمالیست بوون خالی بەهیزمانە، تەتەروف لە ئازادیخوازی‌و مودیرنیزم‌و سکولاریزم‌و پیشکەوتنخوازی خالی بەهیزمانە، یەکسانیخوازی‌و داوای یەکسانی هەمەلایەنەی نیوان ژنان‌و پیاوان‌و دژایەتیمان لەگەل کۆنەپەرستی‌و دین‌و ناسیونالیزم‌و دواکەوتویی خالی بەهیزمانە. ئەوە خالی بەهیزمانە کە کۆنەپەرستان بە ئیمە دەلیین "موتەتەڕف"، چونکە بە قەولی ئەوان زیاد لە پیویست داوای ئازادی‌و یەکسانی‌و خۆشگوزەرانی‌و مودیرنیزم‌و دژایەتی کۆنەپەرستی دەکەین. ئیمە ئەو تاوانە قبول دەکەین کە هەموو ئەوانەمان دەوێ‌و زۆریش پەلەمانەو هیچ پاساویکیش قبول ناکەین. ئەو تۆمەتەی کە لایەنگرانی وەزعی مەینەتباری ئیستا دەیدەنە پال ئیمە، تا زیاتری بلێنەوە ریشەی ئیمە لە کۆمەلدا بەهیزتر دەکات.

ئەو ئالوگورەی کە پیویستە رووبدات‌و بەسەر حیزبدا بیت، پیش هەر شتیك بەندە بە شکلپیدانی حیزبیکی سیاسیەوە، حیزبی سیاسی مەقولەیکی سەرەکیە لە روانگەی کۆمۆنیزمی کریکاریەوە، لەم روانگەیەوە هەر ریکخراویکی سیاسی کە ناوی حیزبی لەسەر خۆی دانا، خۆبەخۆ نابیت بە حیزبی سیاسی. حیزبی سیاسی ئەو ریکخراوەیە کە لە مەیدانی کیشمەکیش لەسەر دەسەلات لە مەیدانی سیاسی‌و لە ئاستیکی کۆمەلایەتیدا جیگای پەیداکردووە. هەر ریکخراویك پێی نەنابیتە ئەم مەیدانەوەو لە دەرەوەی ئەم بازنەیەو ئەم کیشمەکیشەدا بیت، هەرچەندە پان‌و پۆریش بیت حیزبیکی سیاسی نیە.

کۆمۆنیزمی کریکاری پیویستی بە حیزبیکی سیاسی ئەوتۆ هەیە کە لە مەرکەزی کیشمەکیش لەسەر دەسەلات پێی چەقاندبیت، بوبیتە لایەنیکی سەرەکی ئەم کیشمەکیشەو توانای پیشرەوی‌و سەرکەوتنی تیایدا پەیداکردبیت. لەسەر ئەم بناغەیەش لایەنگرانی ئازادی‌و یەکسانی وەکو بەدیلی جیگا ئومیدی خۆیان

هەلیانبژاردبیت‌و ئەو باوەڕەیان لەسەری پەیداکردبیت کە لە ڕیگای بەدەستەوە گرتنی ئەم حیزبەو کۆبونەوە لە دەوری دەتوانن کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆیان‌و چارەنوسی کۆمەلگاکەیان دابنین. ئەم جیگاو ڕیگایەش تەنها بە قسەی دروست‌و بەرنامەی باش‌و بەرگری پەیگیرانە لە بەرژەوەندیەکانی خەلك پەیدا ناکریت، بەلکو دەبێ لە هەمان کاتدا توانای پیشرەوی‌و گەشەو سەرکەوتنی هەبیت.

پەرەسەندنی حیزب تا ئاستی حیزبیکی سیاسی جەماوەری گەورەو ڕزگاری بەخش، لە گرەوی ئەوەدایە کە لەگەل کیشەو گرفتە سەرەکیەکانی کۆمەلگادا گریبخوات‌و بە کردەوە ببیتە ئالاو بەدیل‌و ڕەمزی وەلامدانەوە بەو گرفتانە، لە گرەوی ئەوەدایە کە ڕابەرایەتیەکی سیاسی بۆ کۆمەلگا دابین بکات کە لە جدالی عەلەنی‌و کۆمەلایەتیدا، لە مەیدانی کیشمەکیش لەسەر چارەنوسی کۆمەلگا پێ بچەقینێ‌و ڕابەریی کۆمەلگا بکات، لە گرەوی ئەوەدایە کە گەرەك‌و بان بە دەستەوە بگریت‌و سازمانی مەحکەم‌و فراوانی حیزب لە محەلات دامەزرینێ‌و ڕەگی خۆی داکوتی، لە گرەوی ئەوەدایە کە بەردەوام ڕیزی بەرینی کادرانیکی مارکسیست باربهینێ کە بتوانن زەمانەتی خەسلەتە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و عەمەلیەکانی ئەم حیزبە بکەن، کادرانیك کە ستراتیژو ئاسۆی گشتی حیزب دەبینن‌و لە ڕووی فکری‌و ئایدۆلۆژیەوە بە توندی پابەندن بە مارکسیزم‌و حیکمەتیزم، کادرانیك کە بە قولّی لە مارکسیزم‌و ئامانج‌و بەرنامەو سیاسەتەکانی حیزب گەیشتوون‌و زامنی جیبەجی بوونیانن، دەتوانن ڕیکخراوە حیزبیەکان‌و خەباتی جەماوەری لە پیناو ڕاپەراندنیان ڕینمایی بکەن. هەروەها لە گرەوی ئەوەدایە کە پۆتانسیلی چەکداری جەماوەری شکلپیبدات‌و لە دلی ئەم وەزعەدا ئەمنیەت‌و ئارامی بۆ خەلك بگیریتەوە. لە گرەوی ڕیکخستن‌و ڕابەری کردنی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانی کریکاران‌و ژنان‌و لاوانی بە دەنگهاتوە لە دژی وەزعی موجود، لە گرەوی بەریخستنی بزووتنەوەیەکی عەزیمی کۆمەلایەتیە دژی داروخانی ژیانی مەدەنی.... ئەمانە بەشیك لە گرنگترین ئەو جهەتگیریانەن کە دەتوانن وەلامی گرێی سەرەکی ئیمە بدەنەوە.

بە بڕوای من جگە لە کارو هەلسورانی پان‌و پۆڕو فراوانی دوو سالی ڕابردومان لە عیراقدا، تەنانەت جیاواز لە خالە بەهیزو لاوازەکانی ئەم خەبات‌و هەلسورانە، ئیستا حیزبی ئیمە بە تایبەتی لە ڕیگای ئەو ئیبتکارو داهینانە گەورانەوە کە بۆ وەلامدانەوە بە گرفتە سەرەکیەکانی ئیستای کۆمەلگای عیراق تەرحی کردون، لەسەر لیواری تەحەول‌و ئالوگۆڕیکی سیاسی‌و کۆمەلایەتی گەورە ڕاوەستاوە. نەخشەی حیزبی ئیمە بۆ بەریخستنی بزووتنەوەی جەماوەری فراوان لە دەوری دەرهینانی کۆمەلگا لە سیناریۆی جەنگ‌و داگیرکاری‌و تیرۆریزم‌و داروخانی ژیانی مەدەنی‌و سەرگەردانی، چ لە ئاستی عیراق‌و چ لە ئاستی کوردستاندا، بەلگەی بلوغی سیاسی‌و خۆ تەکاندانە بەرەو تبدیل بوون بەو حیزبە سیاسە جەماوەرییە گەورەیەی کە تصوری دەکەین. ئەمە ڕیگاو زامنی تبدیل بوونی حیزب‌و کۆمونیزمە بە بەدیلی ڕزگاری بەخشی کۆمەلگا. ئەم کۆنگرەیە دەبێ بە توندی لەسەر ئەم تەرحانە ڕاوەستێ، بڕیاری پیویست بۆ سەرخستنیان بدات، زەمانەتی ڕابەرایەتیەکی سیاسی کارامەو جەسورو تیژبین‌و ئامادەو متمرکزی بۆ بکات. ئەمە شەرتی ئەساسی سەرکەوتن‌و هەنگاوی عەمەلی گەورەیە لەو ڕیگایەی کە لە بەردەمماندایە.

لە کۆتاییدا پیویستە بلیم کە ئیمە ڕیگری‌و گرفتی گەورەمان لە پیشە. ئیمە ڕیگایەکی تەختمان لە پیش نیە بۆ سەرکەوتن‌و بە قودرەت گەیشتن، ئیمە بە کودەتاو پیلانگیری ناگەین بە قودرەت، بۆ ئیمە سەرکەوتن تەنها دەکریت بەرئەنجامی پرۆسەیەکی سیاسی بیت لە خەباتی کۆمەلایەتی، لە حزب دروست کردن، لە حزب گەورە کردنەوە، لە سازدانی جەماوەر، وەکو هەر حیزبیکی جدی دیکە. لەم ڕیگایەدا کۆسپ‌و ڕیگری‌و سەختی زۆرمان لە پیشە کە دەبی بە باشی ئەو کۆسپانە بناسین، لە پیشدا ئەمریکاو بەدوایدا ئیسلامی سیاسی‌و ناسیونالیزم هەموو تەقەلایەك دەکەن لە دژی ئیمە هەروەکو تا ئیستا کردویانە، بەلام پیداگری لەسەر خواست‌و مافەکانی خەلك‌و ڕابەری خەباتی جەماوەری دەتوانێ زامنی هەلتەکاندنی ئەو کۆسپانە بیت.

ئیمە دەبێ عاملی جیگا ئومیدی خەلك بین بۆ گۆڕینی وەزعی ئیستاو زامنی ئازادی بین بۆ سبەینێ، تا توانای هەلتەکاندنی کۆسپەکانمان هەبیت. بە کۆمەلگای بسەلمینین کە ئیمە بەدیلی ڕزگاری بەخشی دنیای ئەمرۆین. سبەینیش ئەگەر کۆمەلگا بەدەست ئیمەوەبیت کۆمەلگایەکی ئازادو کراوە بەرپادەکەین، ڕیفاهیەت بۆ هەمووان دابین دەکەین، بە دنیای نیشاندەدەین کە ئیمە ئەهلی توندونیژی نین، لە مەزهەبی ئیمەدا شکەنجە مەمنوعە، ئیعدام مەمنوعە، زیندانی ئەبەدی مەمنوعە،

کوشتاری ژنان مەمنوعە، سەرکوتی نەیارانی سیاسی مەمنوعە، ئازادی بێ قەیدو شەرت بەرقەرارە، لە سایەی دەسەلاتی ئیمەدا تەنانەت ئەحزابی دیکە بە سەرسەختترین نەیارەکانمانەوە دەتوانن هەلسورانی سیاسی خۆیان بکەنو تەنانەت زەختو فشاریان لەسەر نابیت.

ئیمە لە ریگای هینانەمەیدانی بزووتنەوەی سەرتاسەری جەماوەری کریکارانو ژنانو لاوانو خەلکی ئازادیخوازەوە لە دەوری خواستو ئامانجەکانی خۆیان دەتوانین کۆسپەکان هەلتەکینینو بەدیلە کۆنەپەرستانەکان ناکام بکەینەوە. ئیمە ملهوریو سەرکوتو تاوانکاریو بەربەریەت بە ئازادیو ریفاهیەتو خۆشبەختیو ئینسانیەت تیکدەشکینین، ئەمە چەکی کاریگەرو ئەصلی دەستی ئیمەیە، هەر ئەمەش ئەتوانی سەرکەوتنمان بۆ مسۆگەر بکات.